# پەیڕەوی ناوخۆی

# ئینستتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

PAY INSTITUTE

For Education & Development

## بەشی یەکەم

## ناسنامەی ئینستتوت

### مادەی یەکەم/

یەك: ناوی ڕێکخراو بەکوردی: ئینستتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

دوو: ناوی ئینستتوت بە ئینگلیزی: pay Institute for Education and Development

سێ: ناوی ئینستتوت بە عەرەبی: معهد (پەی) للتربية و التطوير.

چوار: ئەدریسی ئینستتوت:

ئۆفیسی گشتی ئینستتوت لەپارێزگای (هەولێر) پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆی هەیە بەپێی پێویست ئۆفیس لە پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و دەرەوە بکاتەوە.

پێنج: لوگۆ:

### مادەی دووەم/

یەك / پێناسە:

(ئینستتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان)، ئینستتوتێکی زانستیی کوردستانی، ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو (الحكم الرشيد) لە هەموو بوار و ئاستەکاندا.

دوو / دەستەواژەکان:

ئینستتوت بە ناوی (ئینستتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) دامەزراوە، بەو پێیەی کەوا ڕێکخراوێکی ناحکومی، قازانج نەویستە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان کاردەکات. ڕێکخراوەکە بە (pay) ناسراوە.

سێ / مەبەست:

ئینستتوت مەبەستیەتی، لەڕێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی ڕاستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

چوار/ پرنسیپ و بەهاکان:

١. پابەندبوون بە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی و مرۆڤ ، بەتایبەتی لە بواری تۆژینەوە و زانست و پەروەردە و فێرکردندا.

٢. پابەندبوون بە دیموکراسی و ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا.

٣. کاری خۆبەخشی و خێرخوازی و بەرژەوەندی گشتی.

٤. بێ لایەنی، بیرکردنەوەی زانستیانە و ئەکادیمیانە، شەفافیەت، سەربەخۆیی، ڕاستگۆیی، لێبوردەیی و گیانی جیاوازی نەکردن.

٥. هاوکاری، هاوبەشی، دابینکردنی هەلی یەکسان، باڵانسی جێندەری، وەدەستهێنانی متمانەی سودمەندان، بەرپرسێیارێتی و پاراستنی تایبتمەندێتی و نهێنییە کەسییەکان.

## بەشی دووەم

## ئامانجەکان و چۆنیەتی بەدیهێنانیان

### مادەی سێیەم/

١. لەرێگای تێڕوانین و توێژینەوە، خزمەتی پرۆسەی نیشتمانسازی و دەوڵەتسازی و گەشەپێدانی دیموکراسی و تۆکمەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی هەرێمی کوردستان دەکات. لەو بوارەشدا لەگەڵ لایەنە حکومی و ڕێکخراوە ناحکومی و هاوبەش و لایەنەکانی تری کەرتی گشتی و تایبەتیدا هاوکاری دەکات.

٢. ڕاهێنان و دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ ئەو توێژەر و ئەکادیمیست و پسپۆرانەی کە لەرێگای تۆژینەوەکانیان دەتوانن کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر خۆشگوزەرانی و ئارامی ژیان و ئایندەیەکی گەشی هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

٣. بەرچاو ڕوونکردنی دامەزراوەکانی حکومرانی لە هەرێم بەتایبەتی و عێراق بەگشتی.

٤. چاودێریکردنی گشت دامەزراوەکان لەپێناو گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی توانای حوکمرانی لەهەرێمی کوردستان.

٥. دروستکردنی گوشار لەسەر دەسەڵاتە گشتیەکانی هەرێم بۆ دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای گونجاوی تایبەت بە بوارەکانی حوکمرانی.

٦. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی.

# بەشی سێیەم

## پەیکەرەی ئینستتوت

### مادەی چوارەم/

١. دەستەی گشتی: ئەم دەستەیە لە هەموو پەیکەری ئینستتوت پێك دێت کە ڕاستەوخۆ سەرۆکی ئینستتوت سەرۆکایەتی دەکات .

٢. ئەنجومەنی جێ بەجێ کردن: پێك دێت لە:

یەك: بەڕێوەبەری جێ بەجێ کردن: کە راستەوخۆ دەکاتە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردنی ڕێکخراو.

دوو: بەڕێوەبەری بەرنامەکان.

سێ: بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی.

چوار: هەر سێکتەرێکی تر کە پێویست بێت.

٣. ئەنجومەنی راوێژکاری: ئەنجومەنێکی (فخریە) پێك دێت لەچەند کەسایەتیەك کە لەلایەن ئینستیتوتەوە داوایان لێ دەکرێت بۆ ناردنی پرۆژەو تیبینیەکانیان .

### مادەی پێنجەم/

ئەرك و دەسەلأتەکان:

یەك : دەستەی گشتی و دەسەلأتەکانی:

١- بەستنی کۆنفرانس یان دواخستنی لەبەر هەر هۆیەك , لە دەسەلأتی( ٣/٢ )ی دەستەی گشتی دەبێت .

٢- گۆڕانکاری لە پەیرەو پرۆگرام .

٣- ئەنجومەنی جێبەجێکردن هەڵدەبژێریت.

٤- هەلۆەشاندنەوەی رێکخراو یان چونەپاڵ ڕێکخراوێکی تر بە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی دەستەی گشتی دەبێت.

دوو: ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردن:

١. دانانی بودجەی سالانەی رێکخراو.

٢. دانانی بەرنامەو چالاکی رێکخراو بۆ ماوەی سالێك.

٣. پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی رێکخراو لە ماوەی ساڵی رابردوو.

٤. بە ٣/٢ ی دەنگەکان بۆی هەیە لیژنە پێکبهێنێ بۆ هەر گرفتێکی ناوخۆی رێکخراو.

٥. بۆی هەیە لێپێچینەوە لەگەڵ گشت ئەندامان و دەستەی کارگێری بکات .

٦. گشت بریارەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بە دەنگدان دەبێت .

### سێ: بەڕێوەبەری جێ بەجێ کردن:

١. نوێنەرایەتی ڕێکخراو دەکات لەبەردەم گشت دەزگا ڕەسمی و نا ڕەسمیەکان.
٢. سەرپەرشتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەکات.
٣. واژوو لەسەر گشت نوسراوەکانی ڕێکخراو دەکات.

### چوار: بەڕێوەبەری بەرنامەکان :

١. هەموو چالاکیەکانی ڕێکخراو لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامەکان جێ بەجێ دەکرێت .
٢. پەیوەندیەکانی ڕێکخراو بەڕێوەدەبات.
٣. هەوڵ دەدات بە پێی پێویست پرۆژەی پێشنیارکراو ئامادەبکات کە تەبا بێت لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراو.

### پێنج: بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:

١. پێویستە هەموو تۆمارێکی ڕێکخراو ئامادە بکات پارێزگاریان لێ بکات.
٢. دەسەلاتی هەر خەرجیەکی دەبێت بەڵام بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری جێ بەجێکردن.
٣. بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەری جێ بەجێ کردن ژمارەیەکی بانکی دەکەنەوە توانای ڕاکێشانی پارەیان دەبێت .
٤. کۆنووسی هەموو کۆبونەوەیەك لە ئەستۆی ئەو دەبێت .
٥. هەموو نووسراوێکی فەرمی لای ئەو هەڵدەگیرێت .

### شەش: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و دەسەڵاتەکانی:

١. مافی ئەوەی دەبێت کە تێبینی زانستیانە بدات لەسەر هەموو بڵاوکراوەکان و چالاکیەکان.
٢. مافی ئەوەی دەبێت پرۆژەی پێشنیارکراو بدات بە ئەنجومەنی بەریوەبردن.
٣. لە هەموو پرۆژەکانی ڕێکخراو دەکرێت وەکو ستافی جێبەجێکاری سوودیان لێ وەربگیرێت.
٤. پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەر پرۆژەیەك پێویستە ڕاوێژ بەو دەستەیە بکرێت.

## بەشی چوارەم

## داهاتی ئینستتوت

### مادەی شەشەم/

**یەکەم : داهاتی ئینستتوت و ژمێریاری:**

١. هاوکاری یان بەخشیشی ئۆرگان و دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان بۆ ئینستیتیوت.

٢. داهاتی چالاکیەکان .

٣. هاوکاری و بەخشیشی کەسانی کۆمەك بەخش.

دووەم: چاودێری و ژمیریاری :

١. سەرجەم داهاتی دراوی ئینستیتیوت لە رێگای ئەو حسابە بانکیە دەبێ کە بەناوی ئینستیتیوت کراوەتەوە.

٢. لە رێی بودجەی ساڵانەوە بەگوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیرەوکراو لەهەرێمدا دارایی خۆی بەرێوە دەبات.

٣. ئینستیتیوت راپۆرتی ساڵانەی دارایی خۆی پێشکەش بەفەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان دەکات و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا ووردبینی بۆ دەکرێت.

٤. سەبارەت بەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێم پشتیوانیان دەکات، پێویستە ئینستیتیوت راپۆرتێکی وورد دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێشکەش بەفەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان بکات و پابەندبێت بەتەواوی مەرجەکانی گرێبەستەکە.

## بەشی پێنجەم

## تۆمارەکانی ئینستتوت

### مادەی حەوتەم/

**تۆمارەکانی ئینستتوت:**

یەکەم: ئەو تۆمارانەی کە دەبێت ئینستیتیوت هەیبێت و لەلایەن دادنووسیش تۆمارکرابن، پێك دێت لە:

١. تۆماری ئەندامان: ئەم زانیاریانە لەخۆبگرێت (ناو، ناونیشان، تەمەن، رەگەز، پلەی خوێندن) .

٢. تۆماری ژمێریاری: داهات و خەرجیەکانی ئینستیتیوت تیادا تۆمارکرابێت .

٣. تۆماری بنەرەتی (تۆماری هەبووەکان): هەموو سامانی گوازاوە و نەگوازراوەی ئینستیتوتی تیادا تۆمارکرابێت.

٤. تۆماری بڕیارەکان: ئەم تۆمارە سەرجەم بڕیارەکانی دەستەی گشتی تیادا تۆمار کراوە، کەلەلایەن دەستەی گشتی ئینستیتیوت ئیمزا کراوە.

دووەم: تۆماری تری ئینستیتیوت کە بۆ رێکخستنی کارەکانی هەیەتی:

١. تۆماری هاتوو  و دەرچوو .
٢. تۆماری چالاکی و پرۆژەکان.
٣. تۆماری خۆبەخشەکان.
٤. تۆماری ڕاوێژکاران.
٥. تۆماری کارمەندان.
٦. تۆماری توێژەر و پسپۆران .

## بەشی شەشەم

## حوکمە گشتیەکان

### مادەی هەشتەم/

**حوکمە گشتیەکان:**

**یەکەم:**

**لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئینستتوتدا بە هەر هۆیەك بێت، گشت سامانە گوازراوە و نەگوازراوەکان دەگوازرێتەوە بۆ ئینستیتوتێك یان ڕێکخراوێکی هاوئامانج یان نزیك لەئامانجەکانی لەهەرێمی کوردستان، لەو پرۆسەیەشدا پێویستە ئینستتوت تۆمارێك بەهەموو ژمێریاریەکان و بنەچەکان و داهاتەکان بەپاکتاوکار بدات، بنەچەکانی یەکەم بۆ دانەوەی قەرزی موستەحەقی ئینستتوت دەبێت، ئەگەر هەیبێت و بنەچەکانی دیکەش بۆ موڵکیەتی ئینستتوت یان ڕێکخراوی دیکە دەگوازرێتەوە .**

**دوووەم:**

**ئینستیتیوت مافی پێکهێنانی تۆر لەگەڵ ئینستتوت یا ڕێکخراوی تری تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە مەرجێ ٥٠+١ ی دەستەی گشتی بڕیاریان دابێت.**

**سێیەم:**

**بەبێ ڕەزامەندی ٥٠+١ دەستەی گشتی بۆ کەس نیە ناو و نازناوی ئینستتوت بەکاربهێنێت.**

**چوارەم:**

**خۆبەخشەکانی ئینستتوت ، ئەو کەسانەن کە بە خۆبەخشی بە بەردەوامی یان لە قۆناغیکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارێك یان چەند کارێك هاوکاری ئینستتوت دەکەن، مافی بەشداری کردنیان لە کۆنگرەی دەستەی گشتی و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی هەیە، بەمەرجێ ئەگەر پتر لە ٦ مانگ زیاتر بە خۆبەخشانە کاریان لەگەڵ ئینستتوت کردبێ و ناویان لە تۆماری خۆبەخشەکان هەبێت. بەمەش تەنها مافی (پێشنیار و دەنگدان و گەیاندنی باری سەرنجیان) هەیە، هەروەها دەشتوانن وەك ئەندامی چاودێر بەشداری لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی بکەن، بەڵام ئەگەر بەر لە کۆنفرانس یان کۆبوونەوەی ئاسایی یان نائاسایی، بە ٢ مانگ زووتر بووبن بە ئەندام و لە تۆماری ئەندامان**

ناویان هەبێ، ئەوا لە کاتی بەستنی کۆنگرە و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی مافی (دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان) دەبێ .

**پێنجەم:**

لایەنی بەخشەر (دۆنەر) و کۆمەڵەی پاڵپشتی بریتینە لەو ئینستتوت و دەستە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیە هاوبەشانە یان ئەوانەی خەرجی بەرنامەکانی ئینستتوت دابین دەکەن، هەروەها دامەزراوە جیاجیاکانی هەرێم کەهاوبەشی یان پاڵپشتی بەرنامەکانی ئینستتوت دەکەن یان سوودمەندان لە بەرنامەکانی ئینستتوت. ئەمانە مافی پێشنیار و گەیاندنی باری سەرنجیان هەیە و بەپێی توانای ئینستتوت و پێویستی کۆنفرانسی ئینستتوت دەتوانێت وەك میوان و ئەندامی چاودێر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی ئینستتوت بەشداریان پێبکرێت.

**شەشەم:**

کارمەندە گرێبەستەکان ئەو کەسانەن کەبەشێوەیەکی کاتی بەگرێ بەست ئینستتوت دا کاردەکەن، مافی پێشنیار و گەیاندنی باری سەرنجیان هەیە، هەروەها دەتوانن وەك ئەندامی چاودێر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی ئینستتوت بەشداری بکەن، بەڵام ئەگەر بەر لە ٣ مانگ لە بەستنی کۆنفرانس یان کۆبوونەوە ئاسایی یان نائاساییەکانی دەستەی گشتی گرێ بەستیان کردبێت و لەتۆمارەکاندا ناویان هەبێت، ئەوا مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان بۆ دەستەی گشتی دەبێت.

**حەوتەم:**

دەستەی راوێژکاری دەتوانن ڕا و سەرنج و پێشنیار بۆ دەستەی گشتی بکەن، هەروەها ببن بە ئەندامی چاودێر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نائاسییەکان دەستەی گشتی ئینستتوت ، بەڵام ئەگەر بەر لە ٣ مانگ لەبەستنی کۆنفرانس یان کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان بووبن بە راوێژکار و لەتۆماری راوێژکاران ناویان هەبێت، ئەوا مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان بۆ دەستەی گشتی و بڕیارەکان دەبێت.

**هەشتەم:**

کارو چالاکیەکانی ئەندامانی تۆمارکراو و خۆبەش و راویژکاران بێ بەرامبەرە، بەڵام تێچووی هات و چۆو پەیوەندییەکانیان بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە.

نۆیەم: خۆبەخشەکان، کارمەندان، راوێژکاران نابێت دژە بەرژەوەندی ((Conflict of interest)) لەگەڵ ئینستتوت هەبێت.